### برایان هاو :

# چەرچڵی دراوسێم یەکەم کەس بوو بۆمبی کیمیایی لەدژی کوردانی سلێمانی بەکارهێنا

**لەندەن: راپۆرتی کامیل ئەحمەدی**

**تایبەت بەئاسۆ:** برایان هاو تەمەن ٥٣ ساڵ باوکی ٧ منداڵەو لەحوزەیرانی ٢٠٠١ ەوە ماڵی خۆی لەبیرمنگهام بەجێهێشتووەو روویکردۆتە شۆستەکانی فولکەی پەرلەمان لەلەندەن، ماوەی زیاتر لەدوو ساڵە برایان بەرامبەر پەرلەمان لەژێر کەپرێکداو لەسەر یارمەتی رێبواران دەژی، ئامانجی سەرەکی نارەزایی دەربرینەکەشی سزا چەسپاوەکانی سەر عیراق بوو. لەکاتی خۆسازدان بۆ جەنگ، شۆستەکەی هاو بووبوە سەکویەك سەبارەت بەگفتوگۆکردن لەسەر جەنگ.

ئەم بابەتەش تیشك دەخاتە سەر ئەو هۆکارە هاندەرانەی کەوای کردووە کەئەو پیاوە ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ دژی جەنگ.

سێ ساڵ لەمەوبەر لەکاتی گەرانەوەم لەیەکێك لەو خۆپیشاندانانەی کەوا رێکخرابوو بۆ پشتگیریی کردن لەبزاڤی رێفراندۆم لەکوردستانی باشوردا ئەوەی لەشەقامی داونینگ ستریت دا روویدا چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ برایان هاو دا ئەنجامدا لەو رۆژەدا چەند ساتێکم لەگەڵ هاودا بەسەربرد کەلەمیانەیدا بەتێروتەسەلی باسی لەرابرابوردو ئێستا دەکردو ئامانجی لەچوونە ئەو جێگەیە چ بوو؟

لەسەردانێکمدا بۆ گالێری هۆڵ بەمەبەستی ئامادەبوون لەفێستیڤاڵی موزیکی ئیقاعی کوردی؛ رووم کردە برایان کەهێشتا لەجێگەی خۆیدا بوو لەژێر کەپرە شینەکەیدا کە چاوی بۆ چەند ساتێك چووبووە خەوو بەچەندین نارەزایی دەربری هاوشێوەی خۆی گەمارۆ درابوو لەدەنگی هۆرنی وریاکەرەوەی ئۆتۆمبیل‌و دەنگی کاتژمێری بیگ بن لەخەو راپەریبوو، بەئێستاشەوە کە دەکاتە مانگی مایسی ٢٠٠٥ بەردەوام برایان هاو نوستن و ژیان، خۆراك، سیمینارو جگەرە کێشان لەهەمان جێگەدایە لەسەر ئەو شۆستەیەکە چوار ساڵی رەبەقە بۆتە ماڵ‌و جێگەی گوزەرانی.

ئەو تەنیا لەکاتی هەندێك مورافەعەی دادگا یاخود بۆ چارەسەرکردن بۆ نەخۆشخانە ئەو جێگەیەی بەجێدەهێشت.

تەنانەت ئێستا لەسەر لووتی جۆرە خوارییەك هەیە کەئەویش لەئەنجامی دوو نەشتەرگەریدا پەیدابووە یەکەمیان لەلایەن ئەمریکاییەکەوە لووتی شکابوو دووەمیشیان لەلایەن ئیسرائیلیەکەوە لەسەر شەپقەکەی دەرزیلە سێ مۆتۆی هەڵواسیبوو: یەکەمیان: پارێزگاری کردنی دراوسێ موسڵمانەکانم.

دووەمیان بوش درۆزنە. سێیەمیشیان نەخێر بۆ جەنگ.

وەکو کارمەندێکی میدیای ئازاد خۆم ناساند کەمیل ئەحمەدی کورد، لەکوردستانی ئێرانەوە.

لەوەڵامدا هاو وتی:ئەو هیچ کوردێك لێرەدا نابینێت کەئاخاوتنی لەگەڵدا بکات ئایا بۆچی ؟

ئەوەی من دەیکەم خستنەرووی ئەو تاوان‌و نەهامەتیانەیە کەئێوەی کورد لەسەر دەستی رژێمەکانی عیراق، ئێران، تورکیا، سوریا چەشتویانە.

دواتریش بەدەستی ئاماژەی بۆ ئەو بەردەی نزیکی خۆی کردو وتی: هەڵبەتە چەرچڵی دراوسێی خۆم یەکەم کەس بووە کەبۆمبی کیمیایی لە دژ کوردانی سلێمانی بەکارهێناوەو کوردی خێڵێکی بەدەر لە شارستانی ناوبردووە ، لەسەردەمی راپەرینەکەی شێخ مەحموددا، تەنانەت بەر لەوەی حکومەتی تورکیا ئەو جۆرە گازە بەکاربێنێت دژی شۆرشی شێخ رەزا لە شاری دەرسیم لە کوردستانی تورکیا.

لەسەرەوەش(بەدەستی ئاماژەی بۆ خانەی لۆردان کە لەو بەری شەقامەکەوەیە کرد) هەرهەمان ئەو کەسانەی لێیە کە چەکی کیمیاییان بەسەدام حوسێن فرۆشت بەمەبەستی کوشتنی هەزاران کورد لەشاری هەڵەبجەو چەندین لادێی کوردیتر.

ئەوان هەرخۆیان بوون کەچەکیان بەو رژێمەدا تاکو هەڵمەتی ئەنفال پیادەبکەن‌و ١٨٠٠٠٠ کورد بکوژن. ئەو زیاتر ووتی کەناتوانێت لە ئێستادا سنوری تورکیا ببەزێنێت، بەڵام ئەوان چاوبەستیان کردبوو لە هەڵمەتی فرۆکەکانی تورکیا کەسنوری دەبەزاندو دەچووە کوردستانی باشورو کوردی دەکوشت ، بەهەمان شێوە کوردی ئێران‌و سوریاش دەبونە قوربانی رێکەوتنامەیەك کەجاك سترۆ بەهۆیەوە نەوتی لە ئێران یاخود سوریاوە وەردەگرت.

ئەوان هیچ کات بەرژەوەندی کوردیان لەبەرچاو نەگرتووە ئەو گەلەی کە گەورەترین کەمینەیە لەجیهانداو خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێت.

لەکاتێکدا کە ئەم ووتەی بەسەرزمانەوە بوو خەم دایگرتبو ووتی : تاوانی ئەم منداڵانە چیە؟

ئاماژەی بۆ ئەو پۆستەرانە دەکرد کە قوربانیانی عیراقی لە خۆگرتبوو. کەی دەکرێت بۆیان بگرین ؟

دواتریش هەستایە سەرپێی فرێکی لەقاوەکەی دەستیداو مژێکی لە جگەرەشیدا، بەڵام توورەییەکی زۆری پێوە دیاربوو.

"چیدی رۆڵەکانمان مەنێرن بۆ کوشتنی رۆڵەکانیان".

"کوشتنی منداڵان راگرن".

بریارم وابوو رووبکەمە کۆنسێرتە کوردییەکە، بەڵام بەر لەوە لەشەقامەکە بپەرمەوە بۆ ئەوەی خواردن وخواردنەوەی ئەمشەوی بۆ دابین بکەم ،پێموت کەوا ئێمەی خەڵکی کوردستان هەمیشە لەگەڵتاین‌و دەسبەردارت نابین. ئەویش




**هاو لەکاتی دەربرینی نارەزایدا**

لەوەڵامدا بەزەردەخەنەیەکەوە بەدەستی ئاماژەی V بۆ کردم بۆ ئەوەی وێنەیەکی بگرم.

ژیاننامەی برایان هاو.

برایان هاوی تەمەن (٥٥ساڵ) هەست دەکات کەچەند ساڵێکە خێزانەکەی دابراوە بەهۆی ئەو چەند ساڵەی لەسەر شەقامەکان بەسەربردووە. لەوەتی ئەم نارەزاییەی دەست پێکردووە ژنە کەی لێی جیابۆتەوەو زۆری حەزلێیە بگەرێتەوە بۆ شاری رێیچ کەدەکەوێتە ناوچەی ۆرسێستەرەوە بۆئەوەی چاوی بەحەوت جگەرگۆشەکەی بکەوێت. بەهەمان شێوە دەخوازێت ئەودەنگ بەرزکردنەوەیەی لە سیمینارەکاندا دەیکات راگرێت چ دی لەگەشتەوەران‌و فزولیەکان‌و مەستە ئوستراڵیەکان وردنەبێتەوە. هەندێکجار بەیانیان پەنجەکانی جووت دەکات‌و دەست دەکات بە نوێژکردن‌و خواپەرستی کە وەکو کریستیانێك باوەری تەواوی هەیە . ناوە ناوە ئەم پرسیارەش لە خۆیدەکات.

"ئایا پێویست دەکات بچمە جێگەیەك کە بخوازێت بە دەنگێکی نزمترو نەرم و نیانتر ئاخاوتن بکەم؟

رەنگە ئەوکارە ئەنجام بدات بەڵام ئەو دەیەوێت جیهانێك ببینێ کە کوشتنی منداڵی تێدا نەبێت. ئەو منداڵ بە"دراوسێ" ناودەبات. وەکو لاشەی ئەو منداڵە عیراقیانەی کەوێنەی گرتوون‌و نمایشی دەکات. روناکی نەبوو تەنها ئەوەی دوو گەشتیارە ئەمریکاییە نەبێت کەلە کامیرەکەیانەوە دەردەکەوت وسەرقاڵی گرتنی وێنەی ئەو پۆستەرە بوون کە منداڵێکی عیراق نمایش دەکات کە کەرتێکی سەری نەماوە.

گەشتیارە کە بەدەم وێنە گرتنەوە وتی:

"ئایا دەزانی کە ئێمە لە میدیاکانی خۆماندا وێنەی لەو شێوەیە نابینین".

پاڵەپەستۆیەکی زۆریش خراوەتە سەر برایان هاو بۆ ئەوەی ئەو جێگەیە بەجهێڵێت. دواجار لە لایەن سێر پاتریك کۆماك مایۆری ستافۆرد کە لە مانگی نۆڤەمبەردا نارەزای خۆی دەربری سەبارەت قەرەباڵغی فولکەی پەرلەمان، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دادگای باڵا رەزامەندی خۆی نیشاندا کە برایان لەجێی خۆی بمێنێتەوە لەسەر شۆستەکە سەرەرای نارەزایی ئەنجومەنی شاری وێستمینستەر. بەڵام لە مانگی مایسی ٢٠٠٤ پۆلیس هەستان بە دەستگیرکردنی بەتاوانی ئەوەی لە جێی خۆی هەڵنەساوە کاتێك کەئۆتۆمبێلێکی گومان لێکراو لە نزیك پەرلەمانەوە چەقی بەستبوو. بەڵام دواجار دادگای مێگاسترەیت بەبێ تاوان ئازادی کرد لەبەرامبەر تاوانەکەی کە بریتیبوو لەبەجێ نەهێشتنی جێگایەکی گومانلێکراو. ئەگەر ئەو کردارەشی دووبار بێتەوە ئەوە رووبەرووی سزای توندوتیژتر دەبێتەوە.

ئەگەر برایان هاو لەو جێگە بەرچاوەدا نارەزایی خۆی نیشان نەدایە، چاوی بەتوندو تیژی نەکەوتبایە ئەو زۆر بەسوك‌و ئاسانی لەبیردەکرا، بەڵام برایان لەفولکەی پەرلەماندایەو

# "گروپی کەمالی زەرب" دیاردەیەکی نوێ لەشاری سلێمانی

**محەمەد سەعید-سلێمانی**

ریزبەستن‌و کۆمەڵبوونی دەیان گەنج‌و مێرد منداڵ بەشێوەیەکی بازنەیی‌و دەنگی تەپڵ‌و ئاوازی گۆرانی وتن لەسەر شەقامی شەست مەتری لەگەرەکی هەواری تازە, هەموو ئەو رێبوارانەیان ناچار دەکرد کە ئەو شەوە بەو ناوچەیەدا تێپەر دەبوون بۆ چوونە ناو ئاپۆرای ئەو گەنجانەو گوێگرتن لەو بەندە میللیانەی کەچەند مێرد منداڵێك بەنۆرە بۆ یەکتریان دەسەندەوە.

پاش تەواوبوونی کۆری گۆرانی وتنەکە کە نزیکی کاتژمێرو نیوێکی خایاند جەلال عەبدوڵلای تەمەن ١٩ ساڵ کەیەکێك بوو لەگۆرانی بێژەکان دەیوت: "لەئاهەنگێك گوێم لەدەنگی رزگار ئیسماعیل بوو کە گۆرانی دەوت, زۆر خەفەتبار بووم‌و دوای گەرانەوەم بۆ ماڵەوە لەگەڵ کەمالی برامدا دەستمان کرد بەگۆرانی وتن".

لەپاش ئەو ئاهەنگە جەلال بریار دەدات لەگەڵ کەمالی تەمەن ١٧ ساڵ‌و هاورێ عومەری تەمەن ١٦ ساڵدا گروپێك دروست بکەن بەناوی "گروپی کەمالی زەرب", ئەم گروپە کەنزیکی سێ ساڵە دامەزراوە تا ئێستا بەشداری چەندین ئاهەنگی هاوسەرگیریان کردووەو لەزۆربەی سەیرانگاکاندا بەزم‌و هەڵپەرکێی گەشتیارانیان بەجۆشتر کردووە.

کەمال دەیوت: "بۆ فێربوونی ژەندنی ئامێری زەرب هیچ کەسێك یارمەتی نەداوم‌و خۆم فێری ژەندنی بووم", رەنگە یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم گروپە لەوەدا بێت کە فێرکارێکیان نەبێت بۆ فێربوون‌و پرۆڤەکردن لەسەر ئاوازو رێکخستنی بەندی گۆرانیەکان, لەبەرئەوە تەنها خۆیان هەڵدەستن بەرێکخستنی بەندی گۆرانیەکان, وەك هاورێ دەیوت: "خۆمان مێشك بەکاردەهێنین بۆ رێکخستنی بەندەکان, بەجۆرێك بەندی وا دەڵێین کە تا ئێستا هیچ گۆرانی بێژێك نەی وتووە".

هەرچەندە هاورێ ئاستێکی بەرزی خوێندنی نییە, بەڵام وەك خۆی دەیوت: "دەتوانم هەزار بەند بڵێم بەبێ دووبارە کردنەوە".

هاورێ بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانە کرێکاری دەکات‌و وازی لە خوێندن هێناوە لەپۆلی پێنجەمی سەرەتای ئەو دەیوت: "هاورێکانم شەریان لەگەڵ دەکردم‌و منیش وەڵامم دەدانەوە, بۆیە بەرێوەبەرەکەمان چەندجار بە زستانی سارد لێی دەدام تارادەیەك هەموو لەشم دەتەزی, لەبەرئەوە وا باشتر بوو چیتر نەخوێنم".

هەرچەندە باری ئابووری هیچ یەکێك لەگۆرانیبێژەکان لەئاستێکی باشدا نییە، بەڵام بەهۆی ئەو برە پارەکەمەی کە لەئاهەنگەکاندا دەستیان دەکەوێت کەمێك لەپێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بووە وەك جەلال دەیوت: "لەهەر ئاهەنگێکدا نزیکی ٤٥-٦٠ هەزار دینارمان دەست دەکەوێت جگە لەشاباش, ئەم برە پارەیەش بۆ سێ کەس زۆرکەمە". لەگەڵ وەرگرتنی شاباشدا زۆرجار ئەم گروپە توشی ئازارو شەر دەبن لەگەڵ خەڵکانێکدا کە هاوتەمەنی خۆیانن, لەم بارەیەوە جەلال دەیوت: "هەندێکجار بەهۆی گۆرانی وتنەوە توشی شەر بووین لەگەڵ خەڵکی‌و دراوسێکانماندا".

هەر سێ گۆرانیبێژ وەك تێکرای گۆرانیبێژە کوردییەکانی تر سکاڵایان دەکرد لەحکومەت‌و دەزگا پەیوەندیدارەکان کە هیچ کەسێك ئاورێیان لێناداتەوە, لەهەمانکاتدا بەئومێدە.

هاورێ دەیوت: "هەوڵ دەدەین لەم نزیکانەدا بەهاوکاری چەند